# سنوور

## دیمەنی یەکەم

(کەپەردەلادەدرێ، ئەکتەرەکان بەڕیز لەسەرشانۆ راوەستاون. یەکێکیان دێتە پێشدەمی شانۆو دەدوێ):

**ئەکتەر-1-:**

بەڕێزان.. خۆشەویستان.. ئێمە کاتێ ئەم شانۆگەرییەتان پێشکەشدەکەین، مەبەستمان نییە خوانەخواستە ئەوەی کەلەلای ئێوە پیرۆزە، ئێمە ناپیرۆزیبکەین‌و، سەرودڵتانی پێبگرین. نانەخێر.. باوەڕتان هەبێ کەچەندە ئێوە حەزدەکەن دوای تەواوبوونی پێمانبڵێن: رەحمەت لەبابتان، ئێمە زیاتر ئەو قسەیەمان لێخۆشدێ. چونکە لەجەنابتان ئاشکرایە کەئێمە بائەکتەریشبین، بەڵام لەهەمان کاتدا مرۆڤین‌و وەك هەرمرۆڤێکیتر، مەدحوسەنامان پێخۆشە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەپێویستیدەزانین پێشتانبکەوین‌و بڵێین: ئەگەر(دووبارە خوانەخواستە) وانەکەوتەوە، ئەوا دەرووی بەخشندەییتان لەئاستماندا کراوەبێ‌و لێبوردن...

**ئەکتەر-2-:**

(لەناو هۆڵەوە):

راوەستە جەناب.. ئێمە لەم بابەتە حیلەوحەواڵە شـانۆکارییانەمان زۆر بیستوە. لــەســـەری مـــەڕۆ، سنوورەکەتانمان نیشانبدەن، تابزانین لەوڕووەوە لەدیواخانی ئێوەدا چ باسە!.

**ئەکتەر-1-:**

(لەبەرخۆوە):

خوا رەحمکاو ئاخری خێربێ!.

**(بۆئەکتەر-2-):**

**باشە کاکە باشە: تۆ هەقتەو وادەستپێدەکەین.**

**(روو لەڕیزی ئەکتەراندەکاو، فەرماندەدا. کچێك و کوڕێك دێنە پێشدەمی شانۆو، خۆی دەکشێتەوە ناوڕین).**

**کچ:**

**بەڕێزان.. هەبوونەبوو.. لەگەردوونێکی بەرینی بێسەروبندا، پنتکە ئەستێرەیەك هەبوو. خۆڵو ئاووهەواو هەتاوەکەی، لەڕۆژێك لەڕۆژانێکی زۆردێریندا، گەرایەکیاندانا. ئینجا گەرا گەورەبوو، هەرگەورەبوو، هەتا وایلێهات بتوانێ ناوی خۆی بنێ ئادەمیزادو، ناوی پنتکە ئەستێرەکەش زەمین.**

**کوڕ:**

**ئەوسا هات زەمینەکەی لەباری پانی، لەباری درێژی، بەشاقووڵی، بەئاسۆیی، بەلاکێشی، بەچوارگۆشەیی، بەبازنەیی، بەسێگۆشەیی، بەهێڵی راست، بەهێڵی پێچاوپێچی وەك توونی بابا.. سەرتان نەیەشێنم بەهەموو ئەم شێوانەو بەچەندانیتریش، نیشتەگیانیو کەوتە قاشقاشکردنیو، ئیتر لەوساوە ئەو گەمەی سنوورسنوورێنەیە داکەوت، کەئێمە هاتووین ئەم شانۆگەرییەتان لەبارەیەوە پێشکەشبکەین.**

## دیمەنی دووەم

**(رووناکی لەسەر ریزی ئەکتەران کزدەکرێ. کچ و کوڕ هەریەکە روو لەلایەکی شانۆدەکاو، لەسەر کورسیو مێزێك دادەنیشێ).**

**کچ:**

**(دەنووسێ):**

**دڵەکەم.. نامەوێ هیچت لێبشارمەوە.خۆزگە دەتزانی چەندە بەدەست ئەو باسە نەگریسەوە ئازار دەچێژم!. چەندە جەرگو دڵم هەڵدەووڵێو، پێوەی دەتلێمەوە!. خۆمن دەزانم کەمن تۆمو، تۆش منیت. باوەڕم بەو راستییە پتەوەو، قەت لێیلانادەم.**

بەڵام دڵەکەم گوێم لێبگرە گرفتەکەمت بۆباسبکەم، هەتا بەفریامبکەویت. زۆرجار شەیتان دێتە بنکڵێشەمەوەو پێمدەڵێ: ئەم ئازارچەشنەت لەپای چی؟!. ئەو لەودیو سنوورەوەیەو، تۆ لەمدیو. چەپەرێکی پۆڵاییینەو لەنێواندایەو، ئەمدیویش بێکوڕ نییە. هۆشت بێنەرەوە بەرخۆتو..

**کوڕ:**

(دەنووسێ)

نا.. نا.. نەکەیت گوڵەکەم.. نەکەیت کۆڵبدەیت. شەیتانەکە راستیشدەکاو، درۆشدەکا. راستدەکا چونکە نەدیوی لای تۆ بێکوڕەو، نەدیوی لای من بێکچ. بەڵام داخەکە لەوەدایە، کەئەوانە کوڕو کچی سنووردارن. وەڵامی من وازلێبێنە گوڵەکەم، وەڵامی شەیتانبدەرەوەو سەرپشکبە. تۆ کام کوڕیانت دەوێ.. منی ئەمدیوی سنوورشکێن، یائەوەی لای خۆتی سنووردار؟!.

**کچ:**

(دەنووسێ)

ئای بۆئازارو بۆدەردی بێدەرمانم. ئای بۆئەو بارە ناهەموارو دژوارەی تێیکەوتووم. لێم دڵگران مەبە دڵەکەم. تۆ نازانیت شەیتانی سنوور چی بەمندەکا.. تۆنازانیت..

**کوڕ:**

(دەنووسێ)

دەزانم گوڵەکەم.. باشدەزانم. هەرسنوورەو خاوەنی شەیتانی خۆیەتی. لەسەرانسەری ئەم سەرزەمینەدا، هیچ سنوورێك نەماوە بێشەیتانبێ. هەموو لەمبارەیەوە یەکسانن.

**کچ:**

(دەنووسێ)

ئای دڵەکەم.. ئەوەی ئێرە نەك تەنیا من، بەڵکو باوکیشم بەدەستییەوە زەلالەتێتی.

# دیمەنی سێیەم

(کوڕ دەکشێتەوە ریزی ئەکتەران. باوکی کچ دێتە پێشدەمی شانۆ)

**باوك:**

**نەبووە.. بێویژدانیو بێمروەتیی وەها قەت نەبووە. وەرە تۆ بەرلەڕووبار بگریتو، بەلایەکیتریدا بەریت!.. رووبارێکی خواکرد.. خوایەك کەهەزاران هەزار ساڵە، بەناو ئەوهەموو چیاو دۆڵو دەشتودەرەدا واوەیدێنێو بەرەوخواریدەکاتەوە، کەچی تۆبچیت بەزۆری زۆردارەکی، رووی بۆلایەکیتر وەرچەرخێنیت!. ئاخر ئەو بێویژدانە خوانەناسانە نەبێ، کێ وێراوێتی کاری وەهابکا.. ها.. کێ؟!.**

**کچ:**

**بابە راستدەکەیت.. تۆ راستدەکەیت. بەڵام با بۆچارەسەربگەڕێین. دەبێ چارەسەرێك بدۆزرێتەوە.**

**باوك:**

**خوانەناسن.. کافری موتڵەقن.. تۆزقاڵ بەزەیی لەدڵیاندا نییە. خۆلەکن خۆیان هاودینمانن. یەك خوا دەپەرستینو یەك پێغەمبەرمان هەیە. کەچی کوا؟!. ئاخر چۆن دەتوانن گوناهی وەها بکەن؟!.**

**کچ:**

**بابە تکات لێدەکەم. باسەکە لەوە ئاڵۆزترە کەتۆ تێیدەگەیت. باسەکە پەیوەندیی بەسنوورەوە هەیە.. سنوور.**

**باوك:**

**سنوور؟!. ئاو ئاوی خوایەو، ئەو چ ریگایەکی بۆدیاریکردبێ، بەوێدا دەڕواو تێدەپەڕێ. ئیتر سنوور دەبێ چ دەخڵێکی هەبێ؟!.**

**کچ:**

**ئەی ئاخر بابە سنوور خاکەو، ئاویش بەخاکدا دەڕوا.**

**باوك:**

**خاکیش خاکی خوایە. ئاوی خوایەو بەخاکی خوادا دەڕوا.**

منیش بەبارە ساکارەکەیدا وەك تۆی بۆدەچم بابە. بەڵام داخ ئەوان واتێناگەن. لای ئەوان ئاڵۆزە.. زۆرئاڵۆز.

**باوك:**

ئەوان کێ؟!.

**کچ:**

ئەوانی کەلەسەر سنوورسنوورێنە، یەکتریدادەپاچن.

**باوك:**

بائەوەندە یەکتریداپاچن، هەتا سەریاندەچێتە گۆڕی بابیانەوە. من چ دەربەستم. من ئاوی خوای خۆمم، بۆ باخ و بێستان و زەرعاتەکەی خۆم دەوێ.

## دیمەنی چوارەم

(باوك و کچ دەکشێنەوە. باوك و کوڕ دێن)

**باوك:**

نایدەم.. تاکە یەك دڵۆپە چییە نایدەم. ئاوەو لەخاکی باووباپیری خۆمەوە هەڵدەقوڵێ و، نایەڵم تەنانەت یەك تنۆکی بڕژێتە قوڕگی بێگانەوە. ئا.. ئەرێ وەڵا.. نایەڵم یەك دڵۆپی لێبچێ بەودیو سنووردا.

**کوڕ:**

ئاخر بابە..

**باوك:**

وس.. دەمهەڵنەهێنیتەوە. من لەدەمێکەوە دەتناسم، کەبەرامبەر بەم خاکوخۆڵەی تیایدا گەوزاویت، چ بێسفەت و بێوەفایەکیت.

**کوڕ:**

بابە تکایە تێمبگە.. من کەرنیم کە..

**باوك:**

وس.. سكتربە.. من بەهۆی تۆوە زۆر شەرمەزارم. لەهەركونێكەوە سەردەردێنم، پەنجەی تانەوتەشەرم بۆدرێژدەكرێ. تۆ لەناو خەڵكیدا سووكوچرووكتكردووم. وەك ریسواو رەجاڵێك سەیردەكرێم.

**كوڕ:**

بابە تكات لێدەكەم.. تۆ بوارێك. تەنیا بوارێكی قسەكردنم پێبدە، هەتا..

**باوك:**

وس.. نایدەم.. تفوو لەچارەت..

**دایك:**

(لەڕیزەوە دێت)

پیاوەكە..

**باوك:**

وس.. تۆش سكتربە.. لەسەری هەڵمەدەرێ. ئەم هەتیوە نەگریسەی تۆ، حەیای بەرودوایبردووم.

**دایك:**

بەڵام ئاخر..

**باوك:**

وس.. دەمت لێكنێو، وتم لەسەری هەڵمەدەرێ. ئاخ بڵێم چی كوڕمەو دەستم تێیناچێ. بەڵام دەزانم چ گاڵەیەك بەهاوبیرە پیلانگێڕەكانی ئەودیویدەكەم. (باوك دەكشێتەوە)

# دیمەنی پێنجەم

**(کوڕ دەچێتە لای کورسیو مێزەکەو دادەنیشێ. کچ دێتە پێشەوەو ئەویش دەچێ دادەنیشێ)**

**کوڕ:**

**(دەنووسێ) گوڵەکەم.. لەدیوی لای منەوە، تەپڵی جەنگی بەرگرتن لەرووبار لێدەدرێ. کراوەتە رۆژی حەشر. بەشەو، بەرۆژ، بەنیوەشەو، بەنیوەرۆ، بەبەرەبەیانان بەئێواران، بەدرێژایی هەر بیستوچوار سەعاتەکە، ئەو تەپڵە راوەستانی بۆنییە. بەسات سرەوتنادا. هەرلێدەدرێو لێدەدرێ.**

**کچ:**

**(دەنووسێ)**

**لێرەش دڵەکەم.. لەدیوی لای منیشەوە، تەپڵی جەنگی رێنەدان بەبەرگرتن لەڕووبار لێدەدرێ. لێرە هاوارو نەعرەتە بۆ فیداکاری لەوپێناوەدا، گوێی ئاسمان کەڕدەکا. روو لەهەر شوێنێکدەکەیت، دەڵێیت هائێستا هاسەعاتێکیتر خوێن لاشەدەبا. سامناکە دڵەکەم.. بارودۆخێکی زۆر سامناکە. نازانم من چیبکەمو چیبڵێم؟. نازانم کامیان بەلەسەرهەقدانێم؟.**

**کوڕ:**

**(دەنووسێ)**

**ئەوەی لای تۆ.**

**کچ:**

**(دەنووسێ)**

**نا.. گومانم هەیە کەتۆ ئەو قسەیە لەباوەڕەوە بکەیت. تۆ ئەو قسەیە لەبەردڵی مندەکەیتو، من لێمخۆشنایەت.**

**کوڕ:**

**(دەنووسێ)**

**راستدەکەیت.. بمبەخشە. ئەوە قسەی دڵمبوو نەک ئەقڵم.**

**کچ:**

(دەنووسێ)

کەوابوو..

**کوڕ:**

(دەنووسێ)

تەپڵی هیچ کاممان لەسەرهەق نییە.

**کچ:**

(دەنووسێ)

کەچی...

(دەکشێنەوە)

## دیمەنی شەشەم

(نیشاندانی بەرپابوونی جەنگ لەڕێگەی بەیەکداهاتنی ئەکتەرەکانو ڕووناکیو مۆسیقاو دەنگەدەنگو هەرشێوازێکیتری تەکنیکییەوە بڕەخسێنرێ. ئەم دیمەنە، دەرهێنەرو تەکنیککاران جێبەجێیدەکەن. بەدەمییەوە بێژەر -1-و بێژەر-2-، دێنە پێشدەمی شانۆ)

**بێژەر-1-:**

(لەلای ڕاستەوە)

گوێگرانی خۆشەویست.. ئێستا ئەم هەواڵەمان لەکۆڕی جەنگەوە پێگەیشت..

لەشکری قارەمانمان لەبەرەبەیانی ئەمڕۆدا، شەبەیخوونی لەلەشکری دوژمنکردو، هەڵمەتێکی شێرانەیبردەسەری. لەماوەی تەنیا سەعاتە وەختێکدا، لەشکری دوژمن لەتوپەتکراو، لاشەیان وەك گەڵای دار لەمەیدانی شەڕەکەدا لێخرا. زیانی چەکو جباخانەشیان، هێندە زۆرە کەلەژماردننایەت. زیانی لەشکری قارەمانی خۆمان، لەچەند شەهیدێكو چەند برینداریك بەولاوە نییە.

سەربازە دلێرەکانمان، ئاوەها بۆجاری هەزارجارە ئازایەتیو نەبەردیی خۆیان، بەدوژمن دەسەلمێنن و دەسەلمێننەوە.

**بێژەر-2-:**

(لەلای چەپەوە)

گوێگرانی ئازیز.. ئێستا ئەم هەواڵەمان گەرماوگەرم، لەکوڕی جەنگە رەواو پیرۆزەکەمانەوە پێگیەیشت..

لەشکری ئازاو دلێرمان لەبەرەبەیانی ئەمڕۆدا، لەماوەی تەنیا یەك سەعاتدا، هێرشێکی بەرفراوانی لەشکری دوژمنی تێکشکاندو، کۆڕی شەڕەکەی لێکردە دۆزەخێکی ئەوتۆ، کەمەگەر تاکوتەرای بەهەلاّتن لێدەربازبووبێ، دەنا سەرپاکی قەلاچۆکرا. زیانی تفاقی جەنگیشیان سەرومڕە. لەکاتێکدا زیانی ئێمە، لەوەکەمترە کەبهێنێ تەنانەت ئیشارەتیشی پێبدرێ.

جەنگاوەرە نەبەزەکانمان، ئاوەها دەرسی دوژمنی پەلاماردەردادەدەن و، بۆمێژوویدەکەن بەعیبرەت.

## دیمەنی حەوتەم

(کۆبوونەوەی دەزگایەکی نێودەوڵەتی)

**سەرۆك:**

بەڕێزان گەورەکان.. بەڕێزان گەورە گەورەکان. حەزدەکەم پێتانڕابگەیەنم، کەئەگەرچی بەپێی بەرنامەی کاری لەوەبەرمان، دەبوو ئەم کۆبوونەوەیە بۆکێشەی برسێتیو نەخۆشیو نەخوێندەواری لەپانتایی ئەم سەرزەمینەدا تەرخانبووایە، بەڵام ناچارین بۆکێشەیەکی بەپەلەتری تەرخانبکەین و چارەسەرێکی بۆبدۆزینەوە، کەبریتییە لەوجەنگەی لەچەند رۆژی پێشوودا هەڵگیرساو، دەبێ بەخێرایی بیکوژێنینەوە.

**نوێنەر-1-:**

من بەناوی وڵاتەکەمەوە بەتوندی پێتاناڕادەگەیەنم، کەبەهیچ کلۆجێ رازینیم هیچ جۆرە بڕیارێك بۆکوژاندنەوەی دەربکەن. چونکە لەشکری قارەمانی گەلەکەم، سوورە لەسەر ڕاونان و تووناکردنی لەشکری دەسدرێژیکەری دوژمن.

**نوێنەر-2-:**

ئەم زاتە بوختاندەکا. لەشکری ئازاو دلێری گەلی من، دەسدرێژیکار نییە، بەڵکو پارێزگاریکارە لەخاکوخۆڵو ئــاوو هــەوای خــۆی. ئــەو جــەنگــەی کــەهەوڵی کوژاندنەوەیدەدەن، بەلای ئێمەوە جەنابی سەرۆك جەنگێکی پیرۆزەو، دەبێ هەتا لەگۆڕنانی نیازە گــلاوەکــانی دوژمن بــەردەوامبێ. کــاربــەدەستانی وڵاتەکەی ئەم زاتە وایاندەزانی، کەوڵاتی من و گەلی من زۆر بێدەسەلاتن. بەڵام دەبینن کەنەڕەشێرانمان چ دەرسێکیاندادەدەن و بەچ عیبرەتێکیاندەکەن.

**نوێنەر-1-:**

قسەکانی ئەم..

**سەرۆك:**

(قسەی پێدەبڕێ)

هۆپ.. هۆپ.. راوەستە..

**نوێنەر-2-:**

جەنابی سەرۆك..

بۆتۆش هۆپ.. تۆش راوەستە.. کاروابڕوا خراپدەشکێتەوە.

(شاورێك لێدەدا. چوار پاسەواندێن. هەردووانەو بۆلای نوێنەرێکدەچن. دەستدەدەنە باڵیان و دەیانخەنە سەرپێ. دوای کەمێ سەرۆك شاورێکیتر لێدەدا. پاسەوان دەست لەنوێنەرانبەردەدەن و دەکشێنەوە. نوێنەران دادەنیشنەوە. سەرۆك بەقسەدێتەوە)

بەڕێزان گەورەکان.. بەڕێزان گەورەگەورەکان. وادیارە ئەرکی سەرشانمان گرانە. تکایە باگاگامان لەوێڵۆئوسوولبێ. ئێستا کێ قسەی هەیە؟.

**هەمووان:**

(پێکەوە)

من..

**سەرۆك:**

تكایە بەوێڵوئوسووڵ.. كێ؟.

**هەمووان:**

من.

**سەرۆك:**

(دوای رامانو سەربادانێك)

فەرموون.

**هەمووان:**

(هەریەكە لەلای خۆیەوە دەدوێو دەبێتە غەڵبەغەڵب).

**سەرۆك:**

(بەچەكوشەدارینەكەی بێدەنگیاندەكا)

بەڕێزان گەورەكان.. بەڕێزان گەورەگەورەكان. هەرچیتان فەرموو دوڕوگەوهەربوو. هەمووتان لەسەرهەقنو، من لەپێشتانەوە. بۆیە منی پێشتانەوە پێشنیازدەكەم، كەسەبارەت بەو جەنگەی لەسەرگرفتی سنوور..

**نوێنەر-1، 2-:**

لەسەر گرفتی ئاوی سنوور.

**سەرۆك:**

ئابەڵێ.. لەسەر گرفتی ئاوی سنوور، لەنێوان وڵاتی ئەم دوو زاتەدا هەڵگیرساوە، بڕیاربدەین كەئەوەی لەسەرهەقە هەقی خۆی وەربگرێو، ئەوەشی لەسەر هەق نییە، دەست لەوناهەقییە هەڵگرێ، هەتا ئاوێك بەو ئاگرەدابكرێ.

**هەمووان:**

(دەیكەن بەچەپڵەڕێزان)

# دیمەنی هەشتەم

**بێژەر-1-:**

**گوێگرانی خۆشەویستم.. باهەموو بەیەکدەنگ هاوارکەین: (الحق یعلو ولایعلی علیه). چونکە لەئەنجامدا هەق بەسەر ناهەقدا سەرکەوت و، بەبڕیارێکی نێونەتەوەیی کەلەلایەن (133) دەوڵەتی ئەمپەڕ تائەوپەڕی سەرزەمینەوە دەرچووە، ئێمە بەخاوەنهەق سەلمێنراین و، دوژمن بەدەستدرێژیکار بۆسەر هەق.**

**بەڵێ خۆشەویستان.. ئاوەها هەق هەرسەردەکەوێ و ئێمەش لەگەڵیداو، ناهەقیش ئاوەها ژێردەکەوێ و، بەزین و ریسوابووندەکاتە بەشی دوژمنی دەسدرێژیکارمان.**

**بێژەر-2-:**

**(وکم من فئه قلیله غلبت فئة كثیرة باذن الله. صدق الله العظیم). گوێگرە ئازیزەکان. لەتەواوی سەعات حەوتی ئەمڕۆ بەیانیدا، ئەوبڕیارە نێونەتەوەییە دەرچوو، کەلەلایەن (133) دەوڵەتەوە لەپێڕێوە بەبێفاسیلە دەمەتەقێی لەسەردەکراو، بەئاشکراو زۆر بەڕوونی سەلماندویێتی، کەئێمە لەسەر هەقین و دوژمنی دەسدرێژیکار لەسەرناهەق.**

**بەڵێ ئازیزان.. ئاوەها هەق لەئەنجامدا هەرسەرکەوتوودەبێ و ئێمەش لەگەڵیداو، نـاهەقیش هــەرژێردەکــەوێ و دوژمن لەگەڵیدا، کەبەشی هەربەزین و ریسواییدەبێ.**

**کۆتـایی**

**ساڵی ( 1973 ) نووسراوە**